

# گۆڕانکاری لە کۆمەڵە یان لادان لە پرێنسیپەکان؟!

ڕووفیا ڕەمەزانعلی

ماوەی چەند مانگە کە مەسائیلی نێوخۆی کۆمەڵە لە لایەن چەند کەسێکی دەرەوێ ئەو ڕێکخراویە، کەوتوەتە بەر باس و لێکوڵینەوە (!) و لە چەند (یەک دوو) ماڵپەریش دا بڵاو کراوەتەوە.

ئەوی کە منی وەک ژنێک نیگران کردوە، ئەوەیە کە لە بەشی دەهەمی نوسراوەی کاک جەعفەر حەسەنپووردا، هێرش ئەکریتە سەر حەرەکەتێکی کۆمەڵە کە لە ئەسلدا دەبێ لە لایەن هەر کەسێک کە خۆی بە ڕادیکال وپێشکەوتنخواز دەزانێ پشتیوانی لێ بکرێ. هەروەها ئەوەش وەک هەنگاوێک و دەستکەوتێکی گرینگ بە نیسبەت مەسئلەی ژنان لە کوردستاندا چاوی لە بکرێت. لیرە دا من بە پێویستی ئەزانم ئاماژە بە دوو خاڵ لە بوچونی کاک جعفر لەم نوسراوانەدابکەم:

یەکەم، جێگای ژنان لە حیزبدا و دوهەم، پێوەندی ڕوناکبیر و حیزب.

یەکەم: کاک جەعفەر حەسەنپوور کە لە زەنجیرە نوسراوەکانیدا موناسەباتی ناوخوێی ئەحزابی کوردی بە گشتی و کۆمەڵە بە تایبەتی ئەداتە بەر ڕەخنە، لە بەشی دەهەمی نووسراوەکەدا ڕەخنە لە هەلبژاردنی خانمی ناهید بەهمەنی وەک دەفتەری سیاسی کۆمەڵە دەگرێ. لە هەمو ئەو کەمو کوڕیانە کە دەتواندرێت لە هەر حیزبێکی سیاسی وولاتی ئێمەدا ئاماژەێ پێ بکرێت، دروست بە چەشنێکی چاوەڕوان نەکراو، ئەو خاڵە کە خاڵێکی پوزیتیف و نیشاندەری ڕادەیەک لە مودەرنیزمی حیزبێکی کوردستانی بێت وەك خاڵێکی لاواز لە لایەن كاك جعفەرەوە ئاماژەی پێ دەكرێ.

بوونی ژنێك لە ئورگانێکی ڕێبەرایەتی کومەلەدا، نەک هەر خاڵی لاواز نیە بەڵکو وەك دەستکەوْتێکی خەباتی ژنانی کوردستانی ڕوژهەڵات چاوی لێ دەکرێت. بە بڕوای من بۆ کەسانێك کە تا ڕادێەیکی کەم لەگەڵ مێژوی کۆمەڵە و نەقش و جێگای ژن لە خەباتی ئەم حیزبەدا ئاشنا بن، بوونی دو ژن لە کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی کومەلەدا، نە تەنیا زۆڕ نیە بەڵکو جێگای زوڕ ژنی خەباتکار و لێهاتوو لەو ڕێبەرایەتیەدا خاڵیە. کاک جعفر لە هەولی ئەوەدا کە حەق بوون یان ناحەق بوونی لایەنێک لە ناو کۆمەڵە دا بسەلمێنێ، دوو ئەسلی زوڕ گرنگ و بناغەیی لە بیر دەباتەوە!

(1١): خانمی ناهید بەهمەنی، وەک تاکە کەسێکی سەربەخۆ و شوڕشگێر کە بۆ خۆێ مێژویەکی سیاسی هەیە، لە بیر دەکات و وەک هاوسەری کاک عەبدوللا موهتەدی چاووی لێ دەکات و جێگای سیاسی ئەو لە پێوەندی لە گەل مێردەکەیدا تەعریف دەکات!

(2٢): کاک جەعفەر لە بیر خۆی دەباتەوە کە بە دەست هێنانی کورسی زوڕتر لە ڕێبەرایتی حیزبەکاندا لە لایەن ژنانەوە، نەتەنیا لە نێو سەرکردایەتی کومەلەدا، بەلکو لە هەمو حیزبە کوردستانیەکانیتریش دا دەبێ یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکان بێت. هەروەها یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان، بەشداری ژنانە لە هەمو ناوەندەکانی دەسەلاتدا چ لە ناو حیزب و چ لە ناو حکومەتیشدا وەک هەمو وولاتانی پێشکەوتوی دونیا. هەروەها بە بێ بشداری کردنی ڕادەی پێویستی ژن لە ناوەندی حیزب و دەسەلاتی سیاسی، بەدی هینان و پاراستنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو مومکین نیە.

كاك جەعفەر وەک تاکە پیاوێك کە بە بۆنەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان (مافی ژنی کورد، مافی مروڤ) پەیامی پیرۆزبایی بۆ ناردین، بە داخەوە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێكدا دەنگی خۆێ بە بۆنەی حوزوری ژنێك لە دفتەری سیاسی کومەلە دا بەرز کردەوە و ئەم جار لە ژێر دروشمی بەرگری لە مافی کەمایەتی لە نێو ڕێکخراروێکدا، ئەوەڵین هێرشتان دەکەنە سەر ژنان و ئەڵین کە بە هوێ مێردەکەیەوە ئەو جێگایەی بەدەست هێناوە! لە ماوەێ کەمتر لە یەك ساڵدا تا ئەم ڕادە دابەزین جێگای تائەسوف و پەژارەیە!

هیوادارم كاك جەعفەر جارێکی تر چاو بە بەشی دەهەمی نوسراوەکەی خۆێدا بخشێنیتەوە و لە باتی هەڵگرتنی شیعاری یەکسانی، بە کردوە بو یەکسانی هەنگاو هەل گرێ.

نوکتەی دوهەم کە من پێموایە جێگای سەرنج و تێروانینە و کاک جەعفەریشی توشی ئەو هەڵە ولادانە لە ئوسول و پرینسیپ کردوە، پێوندی نێوان ڕوناکبیر و حیزبی سیاسیە. لەم نوسراوانەدا بە پیچەوانەی هەمو ڕەسم و یاسا و کولتوری سیاسی، بە تەواوی تێکچووە!

هوێ ئەم شێوان و تێکچونە نە حیزبە سیاسیەکان، بەڵکو دەخالەتی نادروستی ئەم نووسەرانەیە لە مەسائیل و گیروگرفتی نێوخوێی حیزبەکاندا. بە بڕوای من پێویستە ڕوناکبیرانی دەرەوی حیزبەکان هێز و توانی خۆیان بو رخنە و لێکولینەوە لە سەر سیاسەت و پراتیکی ڕو بە دەرەوەی حیزبەکان تەرخان بکەن و وەك وڵاتانی پێشکەوتو و دێموکڕات، روناکبیرانی وڵاتی ئێمەش ئاڵا هەڵگری جوڵانەوی مەدەنی، رەخنەگر و ئازاد بن. بە هێنانە مەیدانی رخنەی ئەساسی و گرینگ لە ڕێگای گوڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بناغەی ئاڵوگۆڕی سیاسی و کولتوری لە حیزبکاندا دا بڕێژن. ئەو کاتەیە کە قەلەمی ڕوناکبیر دەتوانێت پێشەنگی ئاڵوگوری کومەلایەتی بیت و لەم ڕێگایەوە دەتوانێت رنگدانەوەییێکی گرینگ و پێویستی لە حیزبکاندا بیت. ئەوکاتە توانیومانە تەلفیقێکی زانستیانە لە نیوان خەباتی روناکبیران و خەباتی حزبیدا پێك بێنین.

بە بڕوای من روناکبیرانی ئێمە دەبێ دیالوگێکی سیاسیان لە سەر سیاسەتە ڕەسمیەکان و پراکتیکی ڕو بە دەرەوە لە گەل حیزبەکاندا هەبێ. بوونی دیالۆگی سالم و سیاسی لە نێوان حیزبەکان وروناکبیرانی نەتەوەکەدا دەتوانێ یەکێک لە زەمانەتەکانی پاراستنی دیمۆکراسی بێت.

بوونی  پێوندیەکی مەنتیقی لە نێوان روناکبیر و حیزبدا دەتوانێ بەرگری لە ئەو ئاژاوە فیکریە بکا کە ئێستا کاک جەعفەر و کسانێکیتریش توشی بوون و جێگای خویان لە گەڵ ئەندامانی ئەو حیزبانەدا تێکەڵاو کردووە. هەر بۆیە کاک جەعفەر دەکەوێتە داوێکەوە کە ئوسولی پرێنسیپی خۆێ لەژێر پێ دەخات.

2007 04 17